# شێوازەکانی نوسینی پەیوەندی گشتی بۆ دروستکردنی پەیوەندی نێوان جەماوەر و دامەزراوە حکومییەکان پێگەی ئەلکترۆنی دامەزراوە حکومییەکان بەنمونە

**شۆخان أبوبكر علی**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** shokhan.ali@univsul.edu.iq

## پوختە:

پێگەی ئەلکترۆنی یەکێکە لە جۆرە نوێیەکانی بواری گەیاندن کە دامەزراوەکان بەکاریدەهێنن بۆ دروستکردنی پەیوەندی بە جەماوەرکەیانەوە، دامەزراوەکان چالاکی و بەرنامەی جۆراوجۆر ئەنجامدەدەن بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرەکەیاندا. جۆرەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری بەمەبەستی ناساندنی کار و چالاکییەکانیان بۆ زۆرترین جەماوەر بەکاردەهێنن، ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە (شێوازەکانی نوسینی پەیوەندی گشتی بۆ دروستکردنی پەیوەندی نێوان جەماوەر و دامەزراوە حکومییەکان)

گرنگی ئەم توێژینەوەیە تیشکی خستوەتە سەر تەواوی ئەو بابەتانەی بڵاوکراونەتەوە لەپێگەی ڕەسمی دامەزراوە حکومییەکان و شەنوکەوکردنی بابەتەکانی و شیکردنەوەی سەرجەم لایەنەکانی بەمەبەستی زانینی چۆنێتی نووسینی بابەتەکان و زانینی تەواوی ئەو چالاکیانەی دامەزراوەکان ئەنجامی دەدەن، پێویستە هەمو دامەزراوەکان گرنگی بدەن بەپێگەی سەرەکیان و بتوانن بەباشترین شێواز بابەتەکانیان ئاڕاستەی جەماوەر بکەن، کە یەکێکە لە گرنگترین بازنەکانی پەیوەندی نێوان دامەزراوە حکومییەکان و جەماوەری ناوخۆ و دەرەوە.

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوە گەڕانە بەدوای وەڵامی چ شێوازێکی نوسینی پەیوەندی گشتی بەکارهاتوە، کاروچالاکی دامەزراوە حکومییەکان لە چ بوارێکدایە و کامانەن.

ئامانجی توێژینەوەکە بۆ خستنەڕوی ئەو شێواز و ژانرانەی نوسینی پەیوەندی گشتیە کە زیاتر بەکارهاتوە، هەروەها بەئاگابون لەپەیڕەوکردنی بنەماکانی نوسین، و بۆدەرخستنی ئەو بابەت و کار و چالاکیانەی دامەزراوەکە ئەنجامی دەدات، هەروەها زانینی تەکنیکی ئەو بابەتانە کە لەپێگەی دامەزارروەکان بڵاودەکرێنەوە، لە کۆتاییدا زانیاری دەربارەی گرنگیدان بەنوسینی بابەتەکانی هەواڵ، بەیاننامە، ڕاپۆرتی ساڵانە، ڕیکلامی پەیوەندی گشتی، کۆڕوکۆبونەوە، پێشانگا و کونفرانس.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە و پشت بەستراوە بە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک، هەوڵدەدات بۆ شیکردنەوەی بابەتەکانی پێگەی سەرەکی دامەزراوە حکومییەکان لەشاری سلێمانی، بۆ ئەم مەبەستە پێگەی سێ دامەزراوەی حکومی وەک سامپڵ وەرگیراوە (بەڕێوبەرایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی) تەواوی بابەتەکانی (٦) مانگ دیاریکراوە لە (٢٠١٩/١٢/١ تاکو٢٠٢٠/٦/١).

ئەنجام شێوازی کار یەکێکە لەو شێوازانەی هەر سێ دامەزراوەکە زیاتر بەکاریانهێناوە، ئەو بابەتانەی بڵاوکراونەتەوە پەیرەوی بنەماکانی نوسینی پەیوەندی گشتی کراوە، کاروچالاکییەکانیان بریتیی بوە لە (سەردانیکردن، سیمینار، خول، کۆڕوکۆبونەوە) زۆرترین بڵاوکراوەیان ئاگاداریە، پاشان باسکردن بوە لە خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوەکە، لەم دامەزراوانە تەنیا گرنگی دراوە بە هەواڵ.

**کلیلە وشەکان:** پەیوەندی گشتی، شێوازی نوسین، دامەزراوە حکومییەکان، جەماوەر، پێگەی ئەلیکترۆنی.

## پێشەکی:

نوسینی باش بنەمای پەیوەندییە گشتییەکانە، نوسین بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەناوخۆی دامەزراوەکە و دەرەوەی پێویستە.

دەبێت نوسەری پەیوەندی گشتی وەرگێڕ و شیکاری چەمک و بیرۆکەکان بن، لە هەمان کاتدا بەرگریکار و قایلکەری دەزگاکە بن، ئەو هەوڵدەدات بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان هەواڵ و بەرگری لە دەزگاکە، ئەو وا دەکات کە نوسینەکە لە نێوان جەماوەری ناوخۆ و دەرەوەی بخوێنرێتەوە.

ئەو دامەزراوانەی پێگەی ئەلکترۆنیان هەیە بە نوسەری پەیوەندییە گشتییەکان و دامەزراوەکە هەلی نەرمی نواندن و ئازادی بۆ بەدەستهێنانی بابەتەکان دەدات، ئەوانەی گرنگی بەپەیوەندییە گشتییەکان دەدەن، دەتوانن پێگەی ئەلکترۆنی بەکاربهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری.

هەبونی پێگەی ئەلکترۆنی یارمەتی کادرانی پەیوەندی گشتی دەدات بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکە بۆ پەیوەندیکردن بە ڕاگەیاندنەکان و جەماوەرەکەی، بێگومان نوسین بە هەمو شێوەکانیەوە توانایەکە شارەزایی مەعریفی و زانستی پێویستە.

ئەم توێژینەوەیە ناوەڕۆکەکەی تیشکی خستۆتەسەر نوسین لە پەیوەندییە گشتییەکاندا، بەسەرجەم تایبەتمەندی، ئاڕاستە، تەکنیک و شێوازەکانی، پشتی بەستوە بەشیکاری ناوەڕۆک و بابەتەکانی پێگەی ئەلکترۆنی چەند دامەزراوەیەکی حکومی وەرگیراوە، بێگومان لەم سەردەمەدا و بە هۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گرنگی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ئەم پێگانە زیاتر دەردەکەون بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی پێشتر هیچ توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی لەو بارەیەوە ئەنجام نەدراوە.

## کێشەی توێژینەوە:

پێگەی ڕەسمی دامەزراوەکان یەکێکە لە ئامڕازە گرنگ و سەرەکییەکانی هەر دامەزراوەیەکی ئەم سەردەمە، بۆ خستنەڕوی کارەکانیان چەند شێوازێک بەکاردەهێنن بۆ نوسینی بابەتەکانیان بۆ ئەوەی سەرنجی جەماوەرەکەیان ڕابکێشن و کارەکانی دامەزراوەکەیان پێبناسێنن، بابەتی ئەم توێژینەوەیە (شێوازەکانی نوسینی پەیوەندی گشتیە بۆ دروستکردنی نێوان جەماوەرو دامەزراوە حکومییەکان) دروستبونی پرسیارە لە بارەی نازانرێت چۆن نوسینی پەیوەندی گشتی بەکاردەهێنن و بنەماکانی نوسینی پەیوەندی گشتی چۆن پەیڕەودەکەن، و بۆ زانینی ئەو کەسانەی پێگە ئەلکترۆنیەکان بەڕێوەدەبەن تاچەند شارەزاییان لەو بوارەدا هەیە، هەروەها بۆ زانینی ڕوماڵی کار و چالاکییەکانی هەر یەکە لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی توێژەر بیر لە توێژینەوە لە بابەتەکە بکاتەوە، بەسەرنجدان لەوەی تاچەند نوسینی پەیوەندی گشتیان بەکارهێناوە بۆ خستنەڕوی کار و چالاکییەکانیان لە پێگە ڕەسمییەکانی خۆیاندا.

## جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە جۆری وەسفی بەکارهێنراوە و پشت بەمیتۆدی شیکاری ناوەڕۆک بەستراوە، لەڕێگەی میتۆدی توێژینەوەی شیکاری ناوەڕۆکەوە هەوڵدراوە بایەخ و چۆنێتی نوسینی پەیوەندی گشتی بزانرێت، شیکاری ناوەڕۆک ئەو میتۆدەیە کە زیاتر لە بواری ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت و شێوازێکی توێژینەوەیە بە مەبەستی وەسفکردنی (ڕێکخراو، چەندێتی و بابەتێتی)ی ناوەڕۆکی ئاشکرای پرۆسەی گەیاندن، جۆری شیکارییەکە بریتییە لە جۆری شیکاری ڕاستەوخۆ کە پەیوەستە بەشیکردنەوەی ئەوەی کە وتراوە و ڕاگەیەنراوە(بۆکانی، ٢٠١٦، ل٩٥،٩٤).

توێژینەوەی شیکاری پێگەی ئەلکترۆنی ئەمانە دەگرێتەوە:

١. شیکردنەوەی دەق و ئامڕازی پیشاندان و پێشکەشکردن.
٢. وەسفکردنی لاپەڕەی سەرەکی.
٣. دۆزینەوەی ئامڕازەکانی ئاوێتەبون و پەیوەندی .
٤. شیکاری خزمەتگوزارییەکانی ڕاگەیاندن.
٥. شیکاری ڕواڵەت (المسلمی، ٢٠٠٨، ل٣٠)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## چەمکەکان:

- شێواز: بریتییە لە ڕێگە، یان هونەر، بەڵام چەمکەکە واتە ڕێگەیەک کە بەهۆیەوە بۆچونێک، یان دەربڕینێک دەردەبڕدرێت، واتە دەربڕین بە شێوەیەکی زارەکی بۆ سیستەمی قسەکردن، یان واتاکان، شێوازیش سێ جۆری هەیە: شێوازی ئەدەبی، شێوازی زانستی، شێوازی وتاردان (خليف، ٢٠٢١).
- نوسینی پەیوەندی گشتی: نوسینی پەیوەندی گشتی بریتییە لە داڕشتنەوەی میدیاییانە و مەبەست لێی ئامادەکردنی پەیامێکی میدیاییە لەڕێگەی یەکێک لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە، یان لە ڕێگەی پەیوەندی کەسیی ڕاستەوخۆوە ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێت، بە ئامانجی گەیاندنی ڕاستییەکان بەجەماوەر، هەروەها ئاسانکاری بۆ کردەی قایلکردن (محمد،٢٠١٨ ل٤). هەروەها دەتوانین بڵێین کە (نوسینی پەیوەندی گشتی) بە واتای کۆکردنەوەی بابەتەکانی ڕاگەیاندنی پەرش و بڵاو لەگەڵ یەک، هەروەها مەبەست لێی داڕشتن و ئامادەکردنی پەیامی تایبەتی و دیاریکراوە بۆ ئامڕازە دیاریکراوەکانی ڕاگەیاندن و جەماوەری دیاریکراو (نیوسوم، كاريل، ٢٠٠٩، الطبعة الثانية، ل٢٧) .
- پەیوەندی: واتە کارلێکردن لەڕێگەی هەندێک هێما بۆ هێنانەدی ئامانجی دیاریکراو، هەروەها پەیوەندی بریتیەیە لەو چالاکیەی بەشداری تێگەیشتن لە بابەتێک دەکات بۆ هێنانەدی ئامانجێک یان بەرنامەیەک (بخوش،٢٠٠٨، ل٩).
- جەماوەر: کۆمەڵێک لە تاکەکانە کە پەیوەندیەک یان بەرژەوەندیەک بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە و هاوبەشن لە هەستکردن بە ئینتما، دەکرێت ئەو کۆمەڵەیە بچوک یان گەورەبێت. لە پەیوەندییە گشتیەکاندا ئەم وشەیە واتا جەماوەر یان کۆمەڵێک یان توێژێکی دیاریکراو لە جەماوەر، بە واتا بەرفراوانەکەی جەماوەر ئەو کۆمەڵە لە تاکەکانن کە کاریگەرن بەرەفتار یان بیرۆکەیەکی دیاریکراو، لەبەرئەوەی هەمو کارێک یان بابەتێک جەماوەری تایبەت بەخۆی دروست دەکات (الصحن، ٢٠١٤، ل٢٢٧) .
- دامەزراوە: بریتییە لەو چوارچێوەیەی کەسانێک لەناوخۆیدا کۆدەکاتەوەو کۆمەڵێک ئامڕاز و توانای تێدایە لە ڕێگەیانەوە کەسی بەڕێوەبردن دەتوانێت پلانەکانی خۆی جێبەجێبکات. ( Leffingwell and Robinsonp, 1980, 53)
- دامەزراوەی حکومی: خاوەندارێتی ئەم دامەزراوانە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت، دەوڵەت خۆی سەرمایەی پێویستی بۆ دابین دەکات، هەر خۆیشی جۆری بەرهەم و کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی بۆ دەستنیشان دەکات، بەجۆرێک لەگەڵ سیاسەتی گشتی وڵاتدا بگونجێ (عارف، ٢٠١٠، ل٥٧) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**بنەماكانی نوسین بۆ پەیوەندی گشتی:** (**محمد، ٢٠١٨،ل١٥_ ١٦**)، (**المؤمن،٢٠٢٠**).

مەبەست لە بنەماكان واتە ئەو ڕێسایانەیە كە لە نوسینێكدا پەیڕەودەكرێت، دوای شیكردنەوە و دەربڕینی بیرۆكەكە پاشان بكرێت بە نوسین و ئاڕاستەی جەماوەری مەبەستدار بكرێت، دەتوانین ئەو بنەمایانە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دیاریبكرێن:

١. ڕونی: دوركەوتنەوە لەو وشە و دەستەواژانەی باو نین، بیرۆكەكە بە وردی دیاریبكرێت، نوسەر بە یەک ڕستەی كورت دەتوانێت بیرۆكەكەی ڕونبكاتەوە، دواتر دەتوانێت بە هەڵبژاردنی وشەی زیاتر كە پێویستە بۆ دەربڕینی بیرۆكەكەی لەبارەیەوە زیاتر بدوێت، بەبەكارهێنانی چارەسەركردن و شیكردنەوەكانی پەیامێكی تەواو دەنوسرێت.

٢. پەیامەكە پێویستە ئاڕاستەی جەماوەرێكی دیاركراو و سنورداربكرێت، ئایا جەماوەری گشتییە؟ جەماوەری دیاریكراوە وەكو مامۆستا؟ گروپێكە وەكو كارمەندانی نەخۆشخانەیەكی دیاریكراو؟ گروپێكن وەكو شۆفێری تەكسی؟ پێویستە نوسەر بە باشی گرنگیپێدانەكانیان و بەرژەوەندی و ئاستی زانیاری دەربارەی بابەتی پەیامەكە و جۆری زانیارییەكان بزانێت، بێجگە لەو زانیاریانەی پێویستە هەبن لە داڕشتنەوەی پەیامەكەیدا بە وشەی تر جەماوەرەكەی تێبگەیەنێت .

٣. وردی: نوسەر ڕستەی ڕون و ورد و كورت هەڵبژێرێت، گۆڕانكاری لە نێوان ڕستەی مامناوەند و درێژدا بكات، پێویستە كۆی هەموو بڕگەكان لە دەوری یەک بیرۆكەدا بن، باشترە قەبارەی بڕگەكان لە نێوان ٦–_ ٨ ڕستە بن، هێندە ئاسان بێت بۆ خوێنەر بتوانێت بیخوێنێتەوە و لێیتێبگات.

٤. بابەتیبون: نوسەری پەیوەندی گشتی هەوڵدەدات بۆ هێنانەدی ئامانجی دامەزراوەكە، نابێت ببێتە هۆكارێک بۆ پروپاگەندەكردن بۆ دەزگاكە و تەنیا بۆ جوانكردنی دەزگاكە هەوڵبدات و پێیدا هەڵبدات، بەڵكو دەبێت كۆی شتەكان ببینێت. لە كاتی بابەتیبوندا پێویستە ڕای هەردو لایەنی پەیوەندیدار وەربگرێت لەبارەی بابەتێكەوە.

٥. درێژی وشە زۆر گرنگە بۆ ئاسانكردنی خوێندنەوە، زۆرینەی نوسینەكان بە وشەی كورت بنوسرێت، بە تایبەت ئەو نوسینانەی بۆ جەماوەری گشتییە، بەڵام ئەگەر جەماوەرەكە جەماوەرێكی هونەری بێت دەتوانرێت وشەی درێژ بەكاربهێنرێت. كاتێک نووسەر بابەتێكی هونەری و ئاڵۆز پێشكەش دەكات، پێویستە بەشێوەیەک ئاسانی بكات خوێنەری ئاسایی بتوانێت بیخوێنێتەوە و لێی تێبگات، نوسەر پێویستە بگەڕێتەوە بۆ چەند سەرچاوەیەک بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی زانیاری زیاتر، دەتوانرێت وێنە و هێڵكاری بۆ ڕونكردنەوەی زیاتر بەكاربهێنێت.

٦. كاتێک نوسەر دەربارەی هەواڵێک دەنوسێت پێویستە شێوازەكەی گونجاوبێت لەگەڵ ئەو ئامرازەی بابەتەكەی تێدا بڵاودەكاتەوە، واتە قاڵبی نوسین وەک لە هەواڵدا قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە بەكاردەهێنرێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

٧. یەکێتی بابەتیبون: نوسەری پەیوەندی گشتی پێش ئەوەی بڕگەیەک بنوسێ پلانی سەرەتایی بۆ ناوەڕۆکەکەی دابنێت، ئەم پلاندانانە هاوکاری دەکات بیرۆکەکانی ڕێکبخات، ڕەگەزە سەرەکییەکان و ڕەگەزە لاوەکییەکان دەستنیشان بکات، واتە ڕستە و پەرەگرافەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت.

جۆراوجۆری و شێوازی نوێ لە نوسین بێزاری لەناودەبات، هیچ شتێک بەدەستنایەت کاتێک ڕستەی ڕون و سروشتی بەیەکەوە دەبەسترێتەوە ئەگەر پێکهاتە و وشەکانی ببنە هۆی بێزاری لە خوێندنەوە. دەتوانین واتاکان دەوڵەمەند بکەین و درککردن بەهێز بکەین کاتێک دەگەڕێین بۆ وشەی جۆراوجۆر، چونکە وشە نوێیەکان هاندەر دەبن بۆ بەرەوپێشچون، پێویستە شێوازەکە هانی خوێنەر بدات بۆ پێشکەوتنی زیاتر و هێشتنەوەیان لە پەیوەندیدا، هەروەها پێویستە لەسەر خوێنەر خۆی ڕزگار بکات لە هەستی بەردەوامبون لەسەر ڕستەی یەکبەدوایەکەکان (نیوسوم، کاریل، ٢٠٠٩،لا ١٧٣،١٧٤) .

## ـ شێوازی نوسین بۆ پەیوەندی گشتی :(blogspot, 2015)

چەند شێوازێک لە بواری نوسینی پەیوەندی گشتی بەکاردێت، کە بریتین لە:

١. شێوازی باو: ئەو پەیامانە دەگرێتەوە، کە ئاڕاستەی جەماوەری ناوخۆی دەزگاکە دەکرێت، وەک ڕێنمایی و یاساکان بۆ کارمەندان، بە زمانێکی نەرم دەنوسرێت و زمانێکی سادە بەکاردێت، بۆ ئەوەی کارمەندانی ناو دەزگاکە پەیڕەوی یاسا و ڕێساکانی ناو دەزگاکە بکەن، ئەو چەمکانە ناگرێتەوە کە تێگەیشتنیان ئاسان نەبێت.

٢. شێوازی پیشەیی (پرۆفیشناڵ):

بۆ جەماوەرێکی پیشەیی دەنوسرێت، لە نوسینەکەدا کۆمەڵێک چەمک بەکاردێت پێویست بەشیکردنەوەیان ناکات، چونکە ئەو کەسانە خۆیان شارەزان و لە چەمکەکان تێدەگەن، واتە نوسین بۆ کەسانی شارەزا.

٣. شێوازی هەواڵی ڕاستەوخۆ:

ئەو بەیاننامانە دەگرێتەوە کە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەنوسرێن، بۆ گەیاندنی زانیاری بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن. لێرەدا نوسینەکە دابەشدەبێت بۆ دو بەش:

أ. کۆنترۆڵکراو: زیاتر پلانی ساڵانە و چالاکی ساڵانە، یان دۆکۆمێنتارییە و کۆنترۆڵکراون ناچنە فلتەری دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە.

ب. کۆنترۆڵنەکراو: واتە کە دەینێریت بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناتوانیت کۆنترۆڵی ئەوە بکەیت، کە دەزگاکە چۆن بڵاوی بکاتەوە، بەڵکو دەزگاکە خۆی ئەو بەشانەی مەبەستێتی دەیکات بە هەواڵ و دایدەڕێژێتەوە.

٤. بەدواداچونی ئاسایی Feature:

تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە بۆ جەماوەری ناوخۆی دەزگاکەیە، لێکۆڵینەوەیەکی سادەیە، زانیارییەکان بە شێوەیەک بخرێتەڕو کە گرنگی بۆ ئەو جەماوەرە دەربخات کە پەیامەکەی ئاڕاستە دەکرێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

٥.شێوازی یاسایی:

ئەم شێوازە زیاتر لە کاتی ڕودانی قەیراندا لەگەڵ دەزگایەکی تر، یان جەماوەر پێویستە بە هۆشیارییەوە مامەڵە بکرێت.

٦.شێوازی کەسی:

لە نێوان دو کەس بەکاردێت کە ئاستی بەرپرسیارێتیان لە یەکەوە نزیکبێت، یان وەک یەکبن، بۆ نمونە لە بەڕێوەبەری دەزگایەکەوە بۆ بەڕێوەبەری دەزگایەکی تر.

٧.شێوازی کار:

زۆرجار بۆ ئەو پەیامانە بەکاردێت کە زۆر کورت و پوخت بن و بتەوێت وەک ئاگادارکردنەوەیەک ئاڕاستەی جەماوەر بکرێت.

## بابەتەکانی ڕاگەیاندنی تایبەت بە پەیوەندی گشتی

لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی گشتی بەکاریدەهێنێت بە شێوەی نوسین ئەمانە دەگرێتەوە (گۆڤاری پەیوەندی گشتی، بەیاننامە، ڕاپۆرتی ساڵانە، کتێب، ڕیکلامی پەیوەندی گشتی، پۆستەر، لەوحەی اعلانات) بەڵام بۆ بابەتی ڕاگەیاندنی بیسترا و بینراو هەریەکە لە (فیلمەکانی پەیوەندی گشتی و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی) دەگرێتەوە، هەروەها ئەو بابەتە ڕاگەیاندنانەی بۆ ڕوماڵی ڕوداوی تایبەت بەکاردەهێنرێن بریتین لە (کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی، سەردانکردنی دامەزراوە، پێشانگا، کۆبونەوە، بانگهێشتکردن، سندوقی پێشنیار و سکاڵا) (الجوهر،٢٠١٣، ل٨).

ناکرێت لێرەدا باس لە تەواوی ئەو بابەتانە بکرێت، لەبەرئەوە تەنیا ئاماژە بەهەواڵ دەکەین، چونکە زۆرینەی کاری دامەزراوەکان لە شێوەی ژانری هەواڵدا بڵاودەکرێنەوە و گرنگی پێدەدەن.

بڵاوکردنەوەی هەواڵ ژانرێکی گرنگە، بنەمای ئامرازەکانی نوسین لە پەیوەندیە گشتیەکاندایە زۆرێک لە شارەزاییانی پەیوەندیە گشتیەکان ئاشنان پێی، هەروەها هەندێک لە نوسەران دابەشی دەکەن، بەڵام هەمو کەسێک بڵاوکردنەوەی هەواڵ وەک ئامڕازێکی شیکردنەوەی بنچینەیی بەکاردەهێنن بۆئەوەی خەڵک بزانێت کە دامەزراوەکە چی دەکات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**جۆرەکانی هەواڵ لە پەیوەندی گشتیدا (البادی،٢٠١٨ ل٥٩- ٦٦)**

نوسەری پەیوەندی گشتی ئەو هەواڵانە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ دەزگاکە و ئەو جەماوەرەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات بگونجێت، دەتوانین بەپێی ئەو توێژینەوە زانستیانەی کە کراوە دەربارەی جۆرەکانی هەواڵی ڕۆژنامەوانی، لەو ڕێگەیەوە بزانین کام جۆرەی هەواڵ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان گرنگە، بەو پێیەی هەواڵ لە پەیوەندییە گشتییەکاندا دابەشدەبێت بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە:

١. دابەشکردنی هەواڵ بەپێی جوگرافی: ئەم دابەشکردنە شوێنی ڕوودانی ڕوداوەکە دەگرێتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە دو جۆر هەواڵ هەیە:

أ. هەواڵی ناوخۆیی: واتە ئەو هەواڵانەی دەکەونە ناو دەزگاکەوە پەیوەندییە گشتییەکان کاری لەسەر دەکات و پەیوەندی بە کۆمەڵگەی ناوخۆییەوە هەیە.

ب. هەواڵی دەرەکی: ئەو هەواڵەیە دەکەوێتە دەرەوەی ئەو شوێنەی ڕۆژنامەی لێیدەردەچێت، ئەو جۆرە هەواڵانە گرنگ نین بە نیسبەت پەیوەندییە گشتییەکانەوە کە دەکەونە دەرەوە، واتە جیهانین، لەبەرئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی دامەزراوەکەوە. بازنەیەکە لە بنەڕەتدا بە لۆکاڵی وەسف دەکرێت.

هەندێک لە دەزگاکان، یان کۆمپانیاکان کە لە چەند وڵاتێک بونیان هەیە، لەم بارەدا لە هەمو ئەو دەوڵەتانەدا دەزگایەکی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکان هەیە.

٢. دابەشکردنی بابەتی بۆ هەواڵ:

بابەتی هەواڵ، هەواڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، سەربازی، وەرزشی، زانستی و.... چەند جۆرێکی تری هەیە بەپێی چالاکی ڕۆژنامەکە دابەشدەبێت، ئەم دابەشکردنە تەواوکەری دابەشکردنی جوگرافی دەبێت ئەگەر هەواڵەکە ناوخۆیی بن، یان دەرەکی.

بۆیە لێرەدا پێوەری تەواو بۆسەرجەم هەواڵە ناوخۆییەکان دادەنێین و ئەمەش یەکێکە لە گرنگییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان، ئەم پێوەرەش بریتییە لە ئەوەی بۆ دەزگا گرنگە کە پەیوەندییە گشتییەکان بۆی ئەنجامبدات و کاریگەری لەسەر دەزگاکە و جەماوەرەکەی هەبێت، ئەو هەواڵانەن کە دەچنە بواری گرنگیپێدانی پەیوەندی گشتییەوە.

٣. دابەشکردنی هەواڵ بەپێی کات:

لەسەر بنەمای کاتی ڕودانی ڕوداوەکە دابەشدەبێت بۆ دو جۆر:

هەواڵی چاوەڕوانکراو: وەک کۆبونەوەی ئەنجومەنی کارگێڕی و بودجەی ساڵانەی دەزگاکە.

هەواڵی چاوەڕواننەکراو: وەک ڕوداوی ئاگرکەوتنەوە، یان خۆپیشاندان، یان وەستاندنی کار.

٤. هەواڵی ئامادەکراو، هەواڵی داهێنەرانە:

واتە ئەو هەوڵەی ڕۆژنامەنووس، یان نوسەری پەیوەندییە گشتییەکان دەیدات بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ، ئەمیش دابەشدەبێت بۆ دو جۆر:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

أ.هەواڵی ئامادەكراو: ئەو هەواڵەیە كە بەدەست دێت كاتێک ڕۆژنامەنوسەكە لەڕێگەی بڵاوكراوەكان و چاودێری كردنی و دەرچونی بڕیارەكانی ئەنجومەنی كارگێڕی وەک بەیاننامە و بڵاوكراوە. ئەم هەواڵانە ئاڵوگۆڕ دەكرێن و بۆ هەمو ڕۆژنامەنوسانە، بە تەنیا هی یەک كەس نییە.

ب.هەواڵی داهێنەرانە: ئەو هەواڵەیە كە ڕۆژنامەنوس هەوڵێكی زۆر دەدات بۆ بەدەستهێنانی، پێویستی بە زانیاری تەواو هەیە، نوسەر لە پەیوەندییە گشتییەكاندا هەوڵدەدات هانی كارمەندان بدات بۆ وەرگرتنی هەمو بڕیارەكانی دەزگاكە تا گەیشتن بە ئەنجام.

٥. هەواڵی ئاسایی و هەواڵی جدی:

أ. هەواڵی ئاسایی: ئەو هەواڵانە دەگرێتەوە زیاتر بۆ كاتبەسەربردن و ڕاكێشانی سەرنجی جەماوەرە، وەكو هەواڵی وەرزشی و هونەری و ئەستێرەكان و ئەدەب.

ئەم جۆرەش دەبنە هەواڵ بۆ پەیوەندییە گشتییەكان و گرنگی پێدەدەن، بەڵام بەشێوەیەكی تر وەكو هەواڵی گرنگیپێدان بە كرێكارەكان و چالاكییەكانی ڕۆژانەیان و بەرنامە و گرنگیپێدانە مرۆییەكان، نوسەری پەیوەندییە گشتییەكان دەگەڕێت بەدوای ئەو بابەتانەی گرنگن وەک پرۆژەی تازە و چالاكییە كەسییەكانی ناوخۆی دەزگاكە.

ب. هەواڵی جدی: ئەو هەواڵەیە جەماوەر فێردەكات دەربارەی بابەتێكی دیاریكراو و هەڵوێست وەرگرتنی و كاریگەری لەسەر ژیانی ئێستا و داهاتوی دەبێت، وەكو ئەو هەواڵانەی تایبەتن بەلایەنی ئابوری، كۆمەڵایەتی، فێركردن و تەندروستی و.......

ئەم جۆرانەی هەواڵ دەبنە جێگەی گرنگیپێدانی پەیوەندییە گشتییەكان و دەبن بە هەواڵ بۆی نەک بە شێوەیەكی فراوان زیاتر لە ناوخۆی دەزگاكەدا دەمێنێتەوە.

توێژینەوە زانستیەكان لە بواری پەیوەندییە گشتییەكاندا زیاتر جەخت لەوە دەكەنەوە كە ڕوداوەكانی وەكو توندوتیژی و تاوان و كەیسی دادگاكان نابنە جێگەی گرنگیپێدانی پەیوەندییە گشتییەكان، ئەو جۆرە هەواڵانە لە ڕۆژنامەدا قبوڵكراون، بەڵام قبوڵكراونییە كە ناوەڕۆكی هەواڵێكی جدی بەو شێوەیە لە پەیوەندییە گشتییەكاندا هەبێت.

٦. هەواڵی بابەتی و هەواڵی شیكەرەوە:

ئەو هەواڵانەیە كە لە ڕێگەی تۆماركردنی ڕاستییەكان و وێنەی ڕووداوەكان و گێڕانەوەی زانیارییەكانە بەبێ زیادكردن و كەمكردن، ئەم جۆرەی هەواڵ بەتەواوی دەچێتە چوارچێوەی گرنگیپێدانەكانی پەیوەندییە گشتییەكانەوە.

هەواڵی شیكەرەوە: ئەو هەواڵەیە كە پاڵپشتە بە پاشخانێک لەزانیاری و ڕاگەیەنراو بۆ شیكردنەوە و ڕونكردنەوەی ڕووداوەكان. پێویستە سەرنج لە هەواڵی شیكەرەوە بدەین هەمیشە بەواتای ئەوە نایەت كە ڕای نوسەر، یان تێڕوانینەكانی بگرێتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## گرنگی پەیوەندی گشتی حكومی لەسەردەمی نوێدا:

بونی پەیوەندی گشتی یەكێكە لە ڕێگە سەرەكییەكان، كە حكومەت پەنای بۆ دەبات بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر (اصبع، ١٩٩٥،ل٢٣٥). پەیوەندی گشتی حكومی دو ئەركی سەرەكی هەیە ئەوانیش بریتین لە:
پێشكەشكردنی زانیاری بەردەوام و ڕێكخراوی سیاسەت و پلان و دەستكەوتە حكومییەكان بۆ جەماوەر، هەروەها ڕاگەیاندنی یاسا و ڕێكخستن و ئەو ڕێكارانەی كە كاریگەریان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هاوولاتیان دەبێت.
پێشكەشكردنی ئامۆژگاری بۆ وەزیر و پلەبالاكان كە پەیوەندی هەیە بە كاردانەوەی ئێستا و پێشبینیكراو بۆ سیاسەتەكان (الشمری،٢٠١١،ل١٠٤)

## ئامانجی پێگەی ئەلكترۆنی

دیاریكردنی ئامانجی دامەزراوەكان جیاوازە بۆ پێگەی ئەلكترۆنی، ئامانجی تایبەت بە دامەزراوەكە بەشێوەیەكی بنەرەتی پشت دەبەستێت بەسروشتی كاری دامەزراوەكە. هەندێك ئامانجی هاوبەشی پێگەی ئەلكترۆنی هەیە بۆ هەموو دامەزراوەكان بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی گشتی چالاك لەگەڵ جەماوەرەكەی كە بریتییە لە:

١. سەرنجڕاكێشانی سەردانیكەری تازە بۆ پێگەكە.
٢. بونیادنانی پەیوەندی نوێ لەگەڵ سەردانیكەراندا.
٣. دروستكردنی پەیوەندی هەمیشەیی لەگەڵ جەماوەری دامەزراوەكە.
٤. وا لە سەردانیكەران بكەن هاوبەشی خۆیان لە پێگەكەدا تۆمار بكەن.
٥. دواندنی سەردانیكەری پێگەكە كە پەیوەندیان بە دەزگاكەوە هەیە.
٦. هێنانەدی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەكان لەوانە ڕاگەیاندن و پێشوازیكردن.

## دامەزراوەكان و بەكارهێنانی ئینتەرنێت:

لە ڕابردودا بەكارهێنەر پێویست بو سەردانی بارەگای دامەزراوەكە بكات، یان لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە پرسیارەكانی ئاڕاستە دەكردن بۆ بەدەستهێنانی وەلامەكەی، بەلام بەبونی ئینتەرنێت و پێگەی ڕەسمی دامەزراوەكان لە ئێستادا دەتوانرێت تەنیا سەردانی پێگەی دامەزراوەكە بكات و زانیارییەكی بێشومار وەربگرێت(سلیم، ٢٠١٣، ل٦٩).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

### تایبەتمەندییە پێویستەکانی نوسراوێک کە لە پێگەیەکی ئینتەرنێتیدا بڵاودەکرێتەوە:

- ئاسانی خوێندنەوە: واتە هەڵبژاردنی ڕەنگی نوسراوەکە بگونجێت لەگەڵ ڕەنگی بانکگراوندەکەدا، وەک ئەگەر نوسینەکە ڕەش بو دەبێت باکگراوندەکەی ڕەنگێکی کراوە بێت، هەروەها پێویستە دڵنیابین لە بۆشایی نێوان بڕگەکان و ئاسانکاری بکرێت بۆ خوێندنەوەی.
- کورتکردنەوە و ڕاستەوخۆیی: بڵاوکردنەوەی بڕێکی زۆر لە بابەتی نوسراو لە پێگەکەدا دەبێتە هۆی بێزاری و هیلاکی، لەبەرئەوە پێویستە ڕستەی کورت و بە شێوەی تایبەت لە لاپەڕەی سەرەکی بە ڕونی بەکاربهێنرێت، سەردانیکەران ئەو زانیاریانەیان دەوێت کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەستیانبکەوێت.
- دورکەوتنەوە لە هەڵەی زمانەوانی: باشترە دوربکەوینەوە لە زمانی ڕەسمی، پێویستە زمانێکی پاراو بەکاربهێنرێت و دوربکەوینەوە لە هەڵەی زمانەوانی(ستیل،٢٠٠٧،ل٣١٠)

### لایەنی پراکتیکی:

دوای خوێندنەوە و پشکنینی بڵاوکراوەکانی ئەو پێگانە توێژەر سەرجەم بابەتەکانی ئەو پێگانەی بە سامپڵ وەرگرتوە، لەبەرواری (٢٠١٩/١٢/١_٢٠٢٠/٦/١) لەبەرئەوەی ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی بایەخی نووسینی پەیوەندی گشتییە بەشێوەیەکی زانستیانە بۆ کار و چالاکییەکانی ئەو دامەزراوانە، سێ تەوەری سەرەکی بە دەستەی شیکار دانراوە، تەوەری یەکەم تایبەتە بەژانرەکان کە دەچێتە چوارچێوەی یەکەی شیکاری شیکردنەوەی دەق و ئامرازی پیشاندان و پێشکەشکردن، تەوەری سەرەکیە و تەوەری لاوەکیەکی بریتین لە (هەواڵ، ڕاپۆرت، بەیاننامە، وتار، ریکلام) کارو چالاکییەکانی دامەزراوەکە کە بریتییەلە (سەردانیکردن، کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی، کۆڕوکۆبونەوە، خول) هەروەها ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئابوری، سیاسی، هۆشیاری، خزمەتگوزاری، یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئاگاداری، لایەنی مرۆیی) پاشان جۆرەکانی هەواڵ سەرجەمیان تەوەری لاوەکین.

تەوەری دوەم: شێوازەکانی نوسینی پەیوەندی گشتی تەوەری سەرەکییە و تەوەری لاوەکی بریتییە لە (سەرجەم شێوازەکانی نوسینی پەیوەندی گشتی) هەروەها تەوەری سێیەم دیزاین و لایەنی تەکنیکی تەوەری سەرەکین و تەوەری لاوەکی بریتین لە (تەکنیکی نوسین، نوسین و وێنە، ڤیدیۆ، هەمویان واتە (نوسین، وێنە، ڤیدیۆ) هەروەها ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە کە ئەمانە دەگرێتەوە (ئیمەیڵ، ژمارەی تەلەفون، وەرگرتنی ڕای جەماوەر، ناردنی پێشنیار و سکاڵا بۆ دامەزراوەکە، تۆڕی کۆمەڵایەتی) دواتر ئەو ڕێگایانەی بۆ سەرنجی جەماوەر ڕاکێشراوە تەوەری لاوەکین کە ناونیشانی سەرنجڕاکێش و لەڕێگەی وێنەوە، بەکارهێنانی فۆنتی قەبارە جیاواز، بەکارهێنانی ڕەنگ، ژمارەی وێنەکان و ژمارەی هێڵکاری تەوەری لاوەکین، نوسراوەکان وێنەیان لەگەڵدا هەیە یان نییە، و جۆری وێنەکان تەوەری لاوەکین.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

یەکەی شیکارکردن: ئەو ڕەگەزانەیە کە لە ڕێگەیانەوە دەستەی شیکار ئەژماردەکرێت، توێژەر پشتی بەستوە بەیەکەی بابەت کە خۆی دەبینێتەوە لە هەواڵ و بەیاننامە و ڕاپۆرت.

توێژەر پشتی بەستوە بە ڕاستی ڕواڵەتی لە ڕێگەی پیشاندانی ئەم فۆرمە بە ژمارەیەک هەڵسگێنەر* مەبەست لەم هەنگاوە بۆ دڵنیابونە لە ئاستی زانستی فۆرمی شیکاری ناوەڕۆکەکە.

توێژەر لە فۆرمی شیکاری ناوەڕۆکەکەدا (٣) تەوەر (١٢) پرسیار پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکەی داناوە.

هاوکێشەی ڕاستی = بڕگە ڕاستەکان/کۆی بڕگەکان× ١٠٠کەواتە ڕاستی

٤١٩١٩/٥٠×١٠٠ =٩٨،٣٨% ڕێژەیەکی زانستی گونجاوە.

جێگیری: بۆ پێوانەکردنی نەگۆڕی سەرجەم بابەتە شیکارکراوەکان، جارێکی تر توێژەر شیکاری کردون بەجیاوازی ماوەی ٣ مانگێک لە نێوان شیکاری یەکەم و شیکاری دوەم، بەپێی یاسای هۆڵستی (هاوکۆلکەی جێگیری = $\frac{٢ \times ت}{ن١+ن٢}$ ) شیکاری توێژەر لە دوو کاتی جیاوازدا کردویەتییەوە (٠،٨٠)

**خشتەی (١) ژانرەکانی نوسینی پەیوەندی گشتی**

| دامەزراوە | هەواڵ | ڕێژەی سەدی | ڕاپۆرت | ڕێژەی سەدی | کۆ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **سەرۆکایەتی دا دگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی** | ١٠ | %٢٤ | ١ | %٣٣ | ١١ | سێیەم |
| **بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی** | ١٤ | %٣٤ | ١ | %٣٣ | ١٥ | دوەم |
| **بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی** | ١٧ | %٤١ | ١ | %٣٣ | ١٨ | یەکەم |

لە خشتەی ژمارە(١)دا دەردەکەوێت کە بەڕێوەبەرایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی سلێمانی کۆی ئەو بابەتانەی بڵاوکراونەتەوە بریتییە لە (١١) بابەت کە (١٠) بابەتیان بریتییە لە هەواڵ دەکاتە ڕێژەی (٢٤%) بە پلەی سێیەم دێت، لەو هەواڵانەدا (٤) هەواڵ لە مانگی کانونی یەکەمی (٢٠١٩)یە، (١) هەواڵ مانگی کانونی دوەمی (٢٠٢٠) و (١) ڕاپۆرت لە مانگی کانونی دوەمدا دەکاتە (٣٣%) و (٤) هەواڵ لە مانگی (٢)دا بڵاوکراوتەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە تەنیا یەک هەواڵ لە مانگی (٤) بڵاوکراوتەوە و مانگی (٥،٦) هیچ بابەتێکیان بڵاونەکردوەتەوە، هەندێک لەو بابەتانەی لە ژێر ژانری هەواڵدا بڵاوکراونەتەوە لە بنەڕەتدا بە شێوەی ئاگاداری، یان ئامار هاتوە، بەڵام لە پێگەکەدا لە بەشی هەواڵ بڵاوکراوەتەوە وتەنیا یەک ڕاپۆرتیان بڵاوکراوەتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ژمارەی بڵاوكردنەوەی بابەتەكانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی بریتییە لە (١٥) بابەت، كە دەكاتە ڕێژەی (٣٤%) بە پلەی دوەم دێت، هەواڵەكانیان لە مانگی(١٢)ی ساڵی ٢٠١٩ دا تەنیا یەک هەواڵیان هەبوە و تایبەت بوە بە كردنەوەی خول، لە مانگی (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ (٣) هەواڵ و (١) ڕاپۆرتیان هەبوە، لە مانگی (٢)دا (٧) هەواڵیان هەبوە، واتە زۆرترین چالاكیان لە مانگی دودا ئەنجامداوە، لە مانگی (٣) تەنیا یەک هەواڵ بڵاوكراوەتەوە، ئەویش تایبەت بوە بە ڕاگەیاندنی پشو. لە مانگی (٤) هیچ بابەتێک بڵاونەكراوتەوە، لە مانگی(٥) دا (٢) هەواڵ هەبوە، كە ئەوانیش ئاگاداری بون.

لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی (١٨) بابەتی بڵاوكراوەیان هەبوە، بەبەراورد بە دامەزراوەكانی تر زۆرترین هەواڵیان هەبوە كە دەكاتە ڕێژەی (٤١%) لە پلەی یەكەمدایە، لە مانگی (١٢)دا (٨) هەواڵیان هەبوە و زۆرترین هەواڵیان لەو مانگەدا بڵاوكردوەتەوە، لە مانگی (١)دا یەک هەواڵیان هەبوە، هەروەها لە مانگی (٢)دا (٢) هەواڵ و (١) ڕاپۆرتیان هەبوە، لە مانگەكانی (٣،٥)دا لە هەریەكەیاندا (٣) هەواڵیان هەبوە، مانگی (٤) بە بۆنەی بونی پشوەوە هیچ هەواڵێكیان نەبوە.

لەم سێ دامەزراوەیەدا ژانرەكانی بەیاننامە و وتار نەبوە لەكاتێكدا بەیاننامە یەكێكە لە ژانرە سەرەكییەكانی پەیوەندی گشتی و پێویستە لە پێگەی دامەزراوەكاندا بونی هەبێت و ئاماژەی پێبكرێت، هەورەها وتاریش بە هەمان شێوە بونی نییە لە هیچ یەكێک لەو پێگانە.

**خشتەی ژمارە (٢) ئەو چالاكیانەی دامەرزاوەكان ئەنجامیان داوە**

| دامەزراوە | سەردانیكردن | سیمینار | كۆڕوكۆبونەوە | خول | كۆ | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی | ٤ | ٢ | ٢ | ١ | ٩ | %٥٠ | یەكەم |
| بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی | ٣ | ١ | ٠ | ٢ | ٦ | %٣٣ | دوەم |
| بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی | ٢ | ١ | ٠ | ٠ | ٣ | %١٧ | سێیەم |
| كۆی گشتی | ٩ | ٤ | ٢ | ٣ | ١٨ | %١٠٠ | |

بەپێی خشتەی ژمارە (٢) چالاكییەكانی دامەزراوەكان لە ماوەی شەش مانگدا دەخاتەڕو، ئەم چالاكییانە پێش ئەوەی پشكنین بكرێت بۆ پێگەكان ئەم بڕگانە دانراون، بەپێی ئەو پۆلێنەی توێژەر ئامادەی كردوە، سەرۆكایەتی دادگای



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

تێهەڵچونەوەی سلێمانی کۆی چالاکییەکانیان (٩) چالاکی بوە کە دەکاتە (٥٠%) و زۆرترین چالاکیان هەبوە بە بەراورد بە دامەزراوەکانی تر بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت کۆی چالاکییەکانیان بریتییە لە (٦) چالاکی، کە دەکاتە ڕێژەی (٣٣%) و لە پلەی دوەمدا هاتوە، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ چالاکییەکانیان کەمترینە کە (٣) چالاکییان هەبوە و دەکاتە ڕێژەی (١٧%) و بە پلەی سێیەم هاتوە. چالاکییەکانیان خۆی دەبینێتەوە لە (سەردانیکردن، سیمینار، کۆڕوکۆبونەوە، خول)، هیچ یەکێک لەو دامەزراوانە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییان ئەنجامنەداوە، کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی یەکێکە لە ژانرەکانی پەیوەندی گشتی و پێویستە دامەزراوە گرنگی زۆری پێبدات بۆ دروستکردنی پیەوەندی لە نێوان دامەزروەکە و ڕۆژنامەنووساندا، لەو ڕێگەو بتوانێت زانیارییەکانی دامەزراوەکەی بگوازێتەوە بۆ جەماوەر.

**خشتەی ژمارە (٣) ناوەڕۆکی بابەتەکان**

| بابەتەکان | سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوە | بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت | بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ | کۆ | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سیاسی | ٠ | ١ | ٠ | ١ | %٢،٢٧ | پێنجەم |
| هۆشیاری | ٢ | ٣ | ١ | ٦ | %١٣،٦٣ | سێیەم |
| خزمەتگوزاری | ٦ | ٣ | ٢ | ١١ | %٢٥ | دوەم |
| یاسایی | ٢ | ٠ | ١ | ٣ | %٦،٨١ | پێنجەم |
| کۆمەڵایەتی | ٠ | ٢ | ٢ | ٤ | %٩،٠٩ | چوارەم |
| ئاگاداری | ١ | ٦ | ١١ | ١٨ | %٤٠،٩٠ | یەکەم |
| لایەنی مرۆیی | ٠ | ٠ | ١ | ١ | %٢،٢٧ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ١١ | ١٥ | ١٨ | ٤٤ | %١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (٣) ناوەڕۆکی ئەو بابەتانە دەستنیشان دەکات کە لە پێگەی دامەزراوەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەپێی ئەو پۆلێنەی توێژەر ئامادەی کردوە دوای بڵاوبونەوەییان شیکار کراوە، هەریەکە لە بابەتەکانی سیاسی و لایەنی مرۆیی یەک بابەت هەبوە لە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی کە دەکاتە ڕێژەی (٢،٢٧%) و بابەتی هۆشیاری (٦) بابەت هەبوە کە دەکاتە ڕێژەی (١٣،٦٣%) هەروەها ئەو بابەتانەی بڵاوکراونەتەوە و تایبەتن بە خزمەتگوزاری بریتییە لە (١١) بابەت، کە دەکاتە ڕێژەی (٢٥%) و بە پلەی دوەم هاتووە، بابەتی یاسایی کە بابەتێکی گرنگە و پێویستە زۆربەی پێگەکان ئەو یاسا و ڕێنماییانەی هەیانە تیایدا بڵاوی بکەنەوە، بەڵام دەبینین کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە بابەتەکانیان تەرخانکردوە بۆ لایەنی یاسایی، کە دەکاتە (٣) بابەت و بە ڕێژەی (٦،٨١%) پاشان (٤) بابەتی کۆمەڵایەتی کە دەکاتە ڕێژەی (٩،٠٩%) و دواتر بابەتی ئاگاداری (١٨) بابەتە کە دەکاتە ڕێژەی (٤٠،٩٠%) زۆرترین ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەم پێگانەیە، لێرەوە دەردەکەوێت زیاتر بۆ مەبەستی ئاگادارکردنەوەی جەماوەر پێگەکانیان



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەکاردەهێنن، لە کۆتاییدا لایەنی مرۆیی (١) بابەت هەبوە کە دەکاتە ڕێژەی (٢،٢٧%) ئەوەی جێگەی سەرنجە هیچ بابەتێکی ئابوری باس نەکراوە، لەکاتێکدا بابەتی ئابوری یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی هەمو دامەزراوەیەک و پێویستە ڕاپۆرت و شیکاری ورد لەو بارەیەوە بڵاوبکرێتەوە بۆئەوەی جەماوەری ئەم دامەزراوانە بەرچاوڕونیان لەو بوارەدا هەبێت.

**خشتەی ژمارە (٤) جۆرەکانی هەواڵ**

| جۆرەکانی هەواڵ | سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوە | بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت | بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ | کۆ | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەواڵی ناوخۆیی دامەزراوەکە | ٩ | ١١ | ١٦ | ٣٦ | %٢٧،٢٧ | سێیەم |
| هەواڵی دەرەوەی دامەزراوەکە | ٢ | ٤ | ٢ | ٨ | %٦،٠٦ | چوارەم |
| هەواڵی چاوەڕوانکراو | ١١ | ١٣ | ١٥ | ٣٩ | %٢٩،٥٤ | دوەم |
| هەواڵی چاوەڕواننەکراو | ٠ | ٢ | ٣ | ٥ | %٣،٧٨ | پێنجەم |
| هەواڵی بابەتی | ١١ | ١٣ | ١٨ | ٤٢ | %٣١،٨١ | یەکەم |
| هەواڵی شیکەرەوە | ٠ | ٢ | ٠ | ٢ | %١،٥١ | شەشەم |
| کۆی گشتی | ٣٣ | ٤٥ | ٥٤ | ١٣٢ | %١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (٤) جۆرەکانی هەواڵ ڕوندەکاتەوە، هەواڵی ناوخۆی دامەزراوەکە (٣٦) هەواڵ بوە و ڕێژەکەی دەکاتە (٢٧،٢٧%)، واتە گرنگی زیاتر دراوە بە هەواڵە ناوخۆییەکانی دامەزراوەکە بە بەراورد بە هەواڵی دەرەوەی دەزگاکە کە دەکاتە (٨) هەواڵ و ڕێژەکەشی (٦،٠٦%)ە، هەروەها هەواڵی چاوەڕوانکراو (٣٩) هەواڵە و زیاترە بەراورد بە هەواڵی چاوەڕواننەکراو کە (٥) هەواڵە، واتە ڕێژەیەکی زۆر کەم هەواڵی چاوەڕواننەکراویان هەبوە، کە هەواڵەکانی وەکو خۆپیشاندان و ئاگرکەوتنەوە و مانگرتنی کارمەندان دەگرێتەوە، دواتر (٤٢) هەواڵی بابەتی هەیە، کە زۆرترین ڕێژەیە و دەتوانین بڵێن هەواڵەکانیان هەمووی بابەتین و کەمترین شیکردنەوەیان بۆ هەواڵ و بابەتەکان هەبوە، هەواڵەی شیکەرەوە ئەو هەواڵەیە کە پاڵپشتە بەپاشخانێک لە زانیاری و ڕاگەیەنراو بۆ شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی ڕوداوەکان، هۆکاری ئەوەی کە هەواڵەکان هەمویان بابەتین دەگەڕشێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە نەبونی کەسی شارەزا لەوبوارەدا، هەروەها گرنگینەدان بە شێرکردنەوەی هەواڵەکان و نەبونی بەدواداچون و کۆکردنەوەی زانیاری لە لایەن ئەو کەسانەوەی کە ئەم پێگە حکومییانە بەڕێوەدەبەن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی (٥) شێوازەکانی نوسینی پەیوەندی گشتی**

| شێوازەکانی نووسینی پەیوەندی گشتی | سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوە | بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت | بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ | کۆ | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شێوازی باو | ١ | ٢ | ١ | ٤ | %٩،٠٩ | سێیەم |
| شێوازی پیشەیی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| هەواڵی ڕاستەوخۆیی | ٣ | ٢ | ٧ | ١٢ | %٢٧،٢٧ | دوەم |
| بەدواداچونی ئاسایی | ١ | ١ | ١ | ٣ | %٦،٨١ | چوارەم |
| شێوازی یاسایی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| شێوازی کەسی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| شێوازی کار | ٦ | ١٠ | ٩ | ٢٥ | %٥٦،٨١ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ١١ | ١٥ | ١٨ | ٤٤ | %١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (٥) شێوازەکانی نوسینی پەیوەندی گشتی ڕوندەکاتەوە، ئەم پۆلێنە پێشتر لەلایەن کەسانی پسپۆر و شارەزاوە دانراوە، شێوازی باو (٤) جار بەکارهاتوە بە ڕێژەی (%٩،٠٩) لە بەڕێوەبەرایەتی دادگا (١) جار و بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت (٢) جار لە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ (١) جار بەکاریانهێناوە و ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە ئاڕاستەی جەماوەری ناوخۆی دامەزراوەکە دەکرێت، شێوازی پیشەیی بە هیچ جۆرێک بەکاریاننەهێناوە ئەم شێوازە بۆ کەسانی پسپۆڕ و شارەزا دەنوسرێت، شێوازی هەواڵی ڕاستەوخۆ، کە دەکاتە (١٢) بەڕێوەبەرایەتی دادگا (٣) لە نوسراوەکانی و بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت (٢) لە نوسراوەکانی و بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ (٧) جار بەکاریانهێناوە، کە هەواڵی ڕاستەوخۆ ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەنوسرێت، دواتر دەبن بە سەرچاوە بۆ ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن و وەک سەرچاوەی ڕەسمی دەزگاکە بەکاریاندەهێنن. شێوازی بەدواداچونی ئاسایی هەریەک لە دامەزراوەکان یەکێک لە بابەتە بڵاوکراوەکانیان لەم شێوازە بوە کە دەکاتە (%٦،٨١) و تایبەتە بە جەماوەری ناوخۆ و لێکۆڵینەوەیەکی سادەیە، هەریەکە لە شێوازەکانی یاسایی و کەسی لە هیچ دامەزراوەیەکیاندا بەکارنەهاتوە، شێوازی یاسایی بۆ ئەو بابەتانە دەبێت کە یاسایین، یان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی قەیران دەنوسرێت، هەروەها شێوازی کەسی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو نوسینانە بەکاردێت کە لە نێوان دو بەرپرسدا بێت، ئەم دامەزراوانە نەیانتوانیوە سود لەم شێوازە وەربگرن، لە کۆتاییدا شێوازی کار کە بە پلەی یەکەم دێت و دەکاتە (%٥٦،٨١) بۆ ئەو پەیامانە بەکاردێت، کە وەک ئاگادارکردنەوە دەزگاکە ئاراستەی جەماوەرەکەی دەکات، ئەگەر سەرنج بدەین زۆرترین ئەو بابەتانەی بڵاوکراونەتەوە بریتین لە ئاگاداری و لێرەش بەرزترین شێواز کە بەکارهاتبێت بریتییە لە شێوازی کار، پێویستە هەمو شێوازەکان بەکاربهێنرێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر و گرنگیدانی زیاتر بە شێوازەکان، لە خشتەی ژمارە (٣) بۆماندەردەکەوێت زۆرینەی ئەو بابەتانەی بڵاوکراونەتەوە بریتیبون لە ئاگاداری،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

لەکاتێکدا شێوازی کاریش بریتییە لەو شێوازەی کە بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەر بەکاردەهێنرێت، ئەمە بە خاڵێکی نێگەتیڤ دادەنرێت کە تەنیا گرنگیان بە یەک شێواز داوە و شێوازەکانی تر فەرامۆش کراوە.

**خشتەی ژمارە (٦) تایبەتە بەلایەنی تەکنیکی**

| تەکنیکی | سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوە | بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت | بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ | کۆ | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نوسین | ٢ | ٥ | ١١ | ١٨ | %٤٠،٩٠ | دوەم |
| نوسین و وێنە | ٩ | ٩ | ٧ | ٢٥ | %٥٦،٨١ | یەکەم |
| ڤیدیۆ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | %٢،٢٧ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ١١ | ١٥ | ١٨ | ٤٤ | %١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (٦) لایەنی تەکنیکی نوسینەکان پیشاندەدات، ئەم پۆلێنە توێژەر ئامادەی کردوە لەدوای بڵاوبونەوەی بابەتەکان شیکاری کراون، دەزگاکان لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان بە شێوازێک کە تەنیا پشتیان بە نووسین بەستووە بریتییە لە (١٨) بابەت و بەڕێژەی (%٤٠،٩٠) بە پلەی دوەم هاتوە، بەرزترین شێواز کە بەکارهاتبێت بریتیە لە نوسین و وێنە (٢٥) لە بابەتەکانیان بە ڕێژەی (%٥٦،٨١) نوسین بوە لە هەمانکاتیشدا وێنەیەک، یان چەند وێنەیەکی لەگەڵدا دانراوە، شێوازی دانانی ڤیدیۆ زۆرکەم بوە لەم پێگانەدا و تەنیا (١) بابەت بە شێوەی ڤیدیۆ بڵاوکراوەتەوە، مەبەست لە ڤیدیۆکان بۆ زانینی ئایا ئەو بابەتانەی بڵاویدەکەنەوە بۆ زیاتر تێگەیشتن لەگەڵ نوسین و وێنەدا بەشێوەی ڤیدیۆیی بۆ جەماوەرەکەیان دادەنێن لە کۆتاییدا هیچ نوسین و بڵاوکراوەیەکیان نەبوە کە نوسین و وێنە و ڤیدیۆی تێدا بێت.

**خشتەی ژمارە (٧) ئامرازەکانی پەیوەندی دامەزراوەکە بە جەماوەرەوە**

| ئامرازەکانی پەیوەندی | سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوە | بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت | بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ئیمەیڵ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | ٣ |
| ژمارەی تەلەفون | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | ٣ |
| وەرگرتنی ڕای جەماوەر | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ | ٢ |
| ناردنی پێشنیار و سکاڵا بۆ دامەزراوەکە | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ | ٢ |
| تۆڕی کۆمەڵایەتی | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٣ | ٥ | ٥ | ١٣ |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

خشتەی ژمارە (٧) ئەو ئامرازانەی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکە و جەماوەر بەیەکەوە دەبەستێتەوە دەخاتەڕو لە بەڕێوەبەرایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی سلێمانی و لە پێگەکەیاندا سەرجەم بابەتەکان بە زمانی عەرەبی هەیە، لە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی لە بەشی پەیوەندییەکان ناردنی پێشنیاری تێدایە، کە داوای ناو و ئیمەیڵ و لێدوانی کەسی بەرامبەر دەکات، بۆ وەرگرتنی ڕاو پێشنیارەکانیان، هەروەها فەیسبوک و تویتەر و ئینستاگرامیشیان هەیە، لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی ناوی هەریەکە لە بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری ماڵپەڕەکە نوسراوە، هەروەها ناوی ستافی کارمەندەکان نوسراوە کە ژمارەیان (٥) کەسە، لەناو پێگەکەیاندا بەشی تایبەت بە پێشنیار و وەرگرتنی ڕای جەماوەر هەیە و ئاگاداریشیان دەکاتەوە کە لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە وەڵامەکەیان دەدەنەوە .

**خشتەی ژمارە (٨) ئەو ڕێگایانەی بۆ سەرنج ڕاکێشانی جەماوەر بەکارهاتوە**

| ڕێگاکانی سەرنج ڕاکێشانی جەماوەر | سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوە | بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت | بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ناونیشانی سەرنجڕاکێش | × | × | × | ٠ |
| لە ڕێگەی وێنەوە | √ | √ | × | ٢ |
| بەکارهێنانی فۆنتی قەبارە جیاواز | × | × | × | ٠ |
| بەکارهێنانی ڕەنگ | × | × | × | ٠ |

خشتەی ژمارە (٨) ئەو ڕێگایانەی سەنجی جەماوەر ڕادەکێشێت بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان پیشاندەدات، ناونیشانی بابەتەکانی هەر سێ دامەزراوەکە سەرنجراکێش نین، بە هیچ جۆرێک ناونیشانی لاوەکی بونی نییە، ناونیشانی بابەتەکانیان نوسراوە ئاگادارییەک، یان ڕونکردنەوەیەک. پشتیان بە هونەری سەرنجڕاکێشانی جەماوەر نەبەستوە، لە بەڕێوەبەرایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی سلێمانی وێنە زۆر بەکارهاتوە و لەو ژمارە بابەتەی وەرگیراوە بۆ ئەم توێژینەوەیە تەنیا دو بابەت وێنەی لەگەڵدا نییە، کە ئاگادارییە. دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی وێنە لە پێگەکەدا وەک خاڵێک بۆ سەرنجڕاکێشانی جەماوەر بونی هەیە، بەڵام هەردو بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت و هاتوچۆ وێنەی نوسراوەکانیان بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی جەماوەر نییە، بەڵکو تەنیا بە ناچاری ئەو وێنانە بۆ نوسینەکە دانراون، بونی فۆنتی قەبارە جیاواز لە نوسینەکانی هیچ دامەزراوەیەکدا بەدی ناکەیت کە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، بەهامان شێوە بەکارهێنانی ڕەنگیش هیچ بونی نییە، گرنگترین هۆکار بۆ ڕاکێشانی سەرنج لە پێگەکاندا ڕەنگە کە دەتوانرێت بە ئاسانترین ڕێگە ڕەنگەکان بەکاربهێنرێن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی ژمارە (٩) بەكارهێنانی وێنە و هێڵكاری**

| وێنە و هێڵكاری | دادگا | ڕێژەی سەدی | پاسپۆرت | ڕێژەی سەدی | هاتوچۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی وێنەكان | ٦٩ | %٤٥،٦٩ | ٣٥ | %٢٣،١٧ | ٤٧ | %٣١،١٢ |
| كۆی گشتی | | ١٥١ | | | | %١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٩) ژماری ئەو ئەو وێنانەی بۆ بابەتەكانی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون دەردەخات، كۆی گشتی ئەو وێنانە بریتییە لە (١٥١) وێنە كە زۆرترینیان لە بەڕێوەبەرایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانییە بە ڕێژەی (%٤٥،٦٩) و لە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانییە كە (٣٥) وێنەیە بەڕێژەی (%٢٣،١٧) كەمترینیانە ژمارەی وێنەكان لە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ بریتییبوە لە (٤٧) وێنە بەڕێژەی (%٣١،١٢) لەكاتێكدا ژمارەی وێنەكان زۆرە واتە (٤٧) وێنە بۆ (١٨) بابەت، بەڵام زۆری ئەم وێنانە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لە بۆنەیەكدا هەشت وێنە یان زیاتر گیراوە، بە هیچ جۆرێك هێڵكاری بونی نەبوە لە سەرجەم بابەتە وەرگیراوەكاندا.

**خشتەی ژمارە (١٠) نوسراوەكان وێنەیان لەگەڵدایە، یاخود نا**

| وێنە | سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچونەوە | بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت | بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وێنەیان لەگەڵدایە | ٩ | ٩ | ٧ | ٢٥ | ٪٥٦،٨١ | یەكەم |
| وێنەیان لەگەڵدا نییە | ٢ | ٦ | ١١ | ١٩ | ٪٤٣،١٨ | دووەم |
| كۆی گشتی | ١١ | ١٥ | ١٨ | ٤٤ | ٪١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (١٠) ژمارەی ئەو وێنانەی كە لە تەواوی ئەو بابەتانەی توێژەر وەریگرتوە دەخاتەڕو، زۆرینەی نووسراوەكان وێنەیان لەگەڵدایە، هەریەكە لە بەڕێوبەرایەتی دادگا و پاسپۆرتی سلێمانی (٩) بابەتیان وێنەی لەگەڵدا هەبوە، كە ڕێژەیەكی بەرزە و لە دادگا تەنیا دو نووسراویان وێنەی لەگەڵدا نییە، كە ئەوانیش پێویستی بە وێنە نەبوە لەنمونەی ئاگاداری بون، هەروەها زۆرترین نوسراو كە وێنەی لەگەڵدا نەبێت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی بوە، كە زیاتر پشتیان بە نوسراو بەستوە لە بڵاوكردنەوەی زانیارییەكانیان .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی ژمارە (١١) جۆری وێنەکان**

| جۆری وێنە | سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە | بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت | بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆ | کۆ | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەسایەتی | ١ | ٦ | ٦ | ١٣ | %٥٢ | یەکەم |
| ڕوداو | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | چوارەم |
| کۆبونەوە | ٨ | ٠ | ٠ | ٨ | %٣٢ | دوەم |
| هیتر | ٠ | ٣ | ١ | ٤ | %١٦ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٩ | ٩ | ٧ | ٢٥ | %١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (١١) جۆری وێنەکان ڕوندەکاتەوە، ئەم پۆلێنە توێژەر ئامادەیکردوە و دوای بڵاوکردنەوەی بابەتەکان شیکاری کردوە، وێنەی کەسایەتییەکان یەکێک بوە لەو وێنانەی کە لە زۆرینەی بابەتەکاندا بەدی کراوە و بەرزترین ڕێژەی هەیە کە دەکاتە (%٥٢) و بە پلەی یەکەم هاتوە، دوای ئەو وێنەی ئەو کۆبونەوانەی دامەزراوەکان ئەنجامیان داوە بڵاوکراوەتەوە کە بریتیبوە لە (٨) وێنە بە ڕێژەی (%٣٢) بە پلەی دوەم هاتوە، هەروەها چەندین وێنەی جۆراوجۆری تر هەبوە لەگەڵ هەواڵەکاندا دانراوە، وەکو وێنەی بینا و ئۆتۆمبیل (٤) وێنە بون بە ڕێژەی (%١٦) و لە پلەی سێیەمدا هاتوە.

**خشتەی ژمارە (١٢) بونی ڕیکلام لە پێگەکەدا**

| ڕیکلامی پەیوەندی گشتی | سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوە | بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت | ڕێژەی سەدی | بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| | ٠ | ١ | %٢٥ | ٣ | %٧٥ |
| کۆی گشتی | ٠ | ٤ | | | %١٠٠ |

لە بەڕێوەبەرایەتی دادگا هیچ بابەتێکیان نەبوە تایبەت بێت بە ڕیکلامی پەیوەندی گشتی، لە بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی تەنیا یەک ڕیکلامی پەیوەندی گشتیان هەبوە کە ژمارەیەکی زۆر کەمە، هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ، ٣ ڕیکلامی پەیوەندی گشتیان هەبوە وتایبەت بوە بە دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ کەمئەندامان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## دەرئەنجامەکان:

پشت بەستن بەو ئەنجامانەی کە لە شیکاری ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە لە ماوەی شەشە مانگدا شیکار کراوەن لە هەر سێ دامەزراوەی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی، بۆ زانینی (بەکارهێنانی شێوازەکانی نوسینی پەیوەندی گشتی لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر لە دامەزراوە حکومیەکاندا) دەتوانین چەند ئەنجامێک بخەینەڕو لەوانە:

١. شێوازی کار یەکێکە لەو شێوازانەی هەر سێ دامەزراوەکە زیاتر بەکاریانهێناوە.

٢. ئەو بابەتانەی بڵاوکراونەتەوە پەیڕەوەی بنەماکانی نوسینی پەیوەندی گشتی کراوە.

٣. کارو چالاکییەکانیان بریتیبوە لە (سەردانیکردن، سیمینار، کردنەوەی خول) کۆڕو کۆبونەوە و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیان ئەنجامنەداوە.

٤. زۆرترین ئەو بابەتانەی لە پێگەی ئەلکترۆنی ئەو دامەزراوانەدا بڵاوکراوتەوە بریتییە لە ئاگاداری، پاشان باسکردن بوە لە خزمەتگوزاری دامەزراوەکە.

٥. لە پێگەی ئەم دامەزراوانە تەنیا گرنگی دراوە بە هەواڵ، لە کاتێکدا هەندێک بابەت هەیە دەکرا بە شێوەی تر و بە ژانری تر بنوسرێت، بەڵام کراوە بە هەواڵ، بە هیچ جۆرێک ڕاپۆرتی ساڵانە، بەیاننامە، ریکلامی پەیوەندی گشتی، پێشانگا لە پێگەکانی ئەم دامەزراوانەدا بونی نییە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# Forms of Public Communication That are Written to Build Relations Between The Audience and Governmental Institutions: A Case Study of Governmental Institutions' Electronic Sites

**Shokhan Abubakr Ali**
Media Department, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** shokhan.ali@univsul.edu.iq

## Abstract

The electronic site is one of the latest forms of communication facilities that governmental institutions use to establish public relations with their audiences. Governmental institutions utilize a variety of services and initiatives to develop good relationships with their audiences.

To bring their work and actions to the majority of the public, they use various forms of mass media. The title of this research (Forms of public communication that are written to build relations between the audience and governmental institutions: a case study of governmental institutions' electronic sites).

The significance of this research has focused on all of the subjects reported on the official websites of governmental institutions, as well as the review of the subjects and all of the aspects to know how to write the subjects and to be aware of all of the activities that the institutions conduct. Thus, all organizations must maintain their main sites and be able to better guide their matters to the public, which is one of the most critical circles of contact between governmental institutions and local and international audiences.

The main question of this study is to determine what type of public relations writing is used, in which area, and what governmental institutions' activities are.

The study aims to demonstrate the most popular writing styles and genres for public relations, as well as to be aware of the principles of writing, and to illustrate the subjects and actions that



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

the institution does. Knowing the details and specifics of the topics published on the institution's website is also essential.

This thesis is a descriptive study using the content analysis approach, intending to analyze the subjects of the main site of the governmental institutions in Sulaimaniyah. For this reason, the Directorate of the Sulaimaniyah Appeals Court, the Passport Office of Sulaimaniyah Province, and the Sulaimaniyah Traffic Directorate have set out all matters for six months from December ١, ٢٠١٩ to January ٦, ٢٠٢٠.

As a consequence, the ***working style*** is one of the methods that the three institutions have used most often, and the articles written adhere to the standards of public relations writing. The majority of their activities included (visiting, conferences, courses, gathering) the majority of their publications, and then mentioning the institution's services, which were solely focused on news.

**Key worlds:** Public Relations, Writing Public Relations, Governmental Institutions, Relationship, Public, Website.

## سەرچاوەکان:


اصبع، صالح خليل(١٩٩٥)، الاتصال والاعلام في المجتمعات المعاصرة، عمان: دار ارام للدراسات و النشر والتوزيع.

بخوش، أحمد(٢٠٠٨)، الاتصال و العولمة دراسة سوسيوثقافية، القاهرة: دار الفجر للنشر و التوزيع.

بۆکانی، سابیر،(٢٠١٦)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی:سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

جاسم محمد، سالم،(٢٠١٨)، الكتابة للعلاقات العامة، مكتبة الجامعية.

نيوسوم، دوج، كاريل، بوب ،(٢٠٠٩)، الكتابة للعلاقات العامة الشكل والأسلوب، ترجمة: د.فايد رياح، د.مي الخاجة، الطبعة الثانية،الإمارات العربية المتحدة: دار الكتاب الجامعي.

سليم، حنان،(٢٠١٣)، الاتجاهات الحديثة في العلاقات العامة، القاهرة: دار النهضة العربية.

الشمري، على جبار،(٢٠١١)، الأساليب العلمية في ممارسة العلاقات العامة، القاهرة: العربي للنشر والتوزيع.

فريد الصحن، محمد،(٢٠١٤)، العلاقات العامة المبادئ و التطبيق، الاسكندرية: الدار الجامعية.

ستيل، فريزر بي،(٢٠٠٧)، ممارسة العلاقات العامة، ترجمة: سعد الحسني، أحمد نوري، غزة: دار الكتاب الجامعي.

ناجي الجوهر، محمد،(٢٠١٣)، المواد الإعلامية التقليدية و الإلكترونية فى العلاقات العامة، القاهرة: دار الكتاب الجامعي.

محمد،محمد البادى،(٢٠١٨)، فنون العلاقلا العامة، القاهرة: دار النهضة العربية.

عوسمان عارف، دیاری،(٢٠١٠)، هونەری بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی کەناڵە تەلەفزیۆنیە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان، سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.

المسلمى، ابراهيم عبدالله،(٢٠٠٨)، مناهج البحث في الدراسات الاعلامية، القاهرة: دار الفكر العربى.

Lefftingwell ،W and Robinson ،E (١٩٨٠) ,Text books of management, new del-hi, Tat Me Graw-Hill book, co.

http://mycom٣١٢.blogspot.com/٢٠١٥/٠٤/blog-post_٢٩.htm.

https://mawdoo٣.com/%D٨%AA%D٨%B٩%D٨%B١%D٩%٨A%D٩%٨١_%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%A٣%D٨%B٣%D٩%٨٤%D٩%٨٨%D٨%A٨




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper12 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021